# بازرگان و فەیلەسوفەکە

تەنگە قەوی

## 1. ئەفسانەی کۆن:

بازرگانەکە نەختێك بیری کردەوەو وتی: ئەشهەدوبیللا ئافەرم. بەراستی بلیمەتیت. ئینجا لەسەر ئامۆژگاری کابرای فەیلەسوف هات فەردە گەنمە لارەکەی لەپشتی حوشترەکە داگرت. نیوەی لێ بەتاڵ کردو خستییە گوێنییەکی ترەوە. پاشان هەردوو فەردەکەی لە حوشترەکە بارکرد. هەر تایەی لە لایەك. حوشترەکە سەرێکی بۆ راوەشاند کە یەعنی دەستخۆش.

نەتیجەی ئەخلاقی:

راگرتنی تەوازون لە هەموو شتێکا زەرووره. لە حزبیشاو لە حوشترەوانیشا.

## 2. ئەفسانەی کۆنتر:

.. پاشان هەردوو فەردەکەی لە حوشترەکە بارکرد. هەر تایەی لە لایەك. ئینجا رووی کردە فەیلەسووفەکەو وتی بەم عەقڵو مەعریفەتەتا حەتمەن یان وەزیریت یان راوێژکاری سەرۆکی وەزیرانیت. فەیلەسوفەکە بە هەناسەیەکی ساردەوە وتی: منو وەزیری؟! های تس بە سەرم.

نەتیجەی ئەخلاقی:

لە زەمانی کۆنیشا خەڵکە ئاقڵو رۆشنبیرەکە هەر ترۆ بوون.

## 3. ئەفسانەی هاوچەرخ:

بازرگانەکە نەختێك بیری کردەوە. ئینجا بە گاڵتەپێکردنەوە رووی کردە فەیلەسووفەکەو وتی خۆم بە ئەنقەست بارەکەم وا داناوە. فەیلەسوفەکە بە سەرسورمانەوە پرسی بۆ؟ وتی چونکە ئەگەر بزانن ئاقڵم نایەڵن بحەسێمەوە.

نەتیجەی ئەخلاقی:

هەموو زەمانێك موناففەسەی شەریفانە هەر هەبووە.

## 4. ئەفسانەی ئیعلامی:

فەیلەسوفەکە وەختێك حوشترەکەی بینی فەردە گەنمێك خراوەتە سەر لایەکی پشتیو لاکەی تری بەتاڵە، یەکەمجار خەریك بوو دەست بکات بە جنێودان بەڵام لەپڕ زەردەخەنەیەکی قەرزکردو دەستی کردە ملی بازرگانەکەو وتی: دیسان کامێرای شاراوەیە؟!

نەتیجەی ئەخلاقی:

راگەیاندن وایکردووە کەس ئیمانی بە هیچ نەمێنێ.

## 5. ئەفسانەی کۆمەڵایەتی:

.. پاشان هەردوو فەردەکەی لە حوشترەکە بارکرد. هەر تایەی لە لایەك و ئینجا رووی کردە فەیلەسوفەکە وتی: هەقی ئەم نەسیحەتەت قەرارم دا خزمەتێکی عائیلەکەتان بکەم. فەیلەسوفەکە وتی بەساقەی باوکت بم، خزمەتەکە چییە؟ وتی خوشکەکەت بنێرە بۆلام ئەیکەم بە سکرتێرە.

نەتیجەی ئەخلاقی:

بازرگانەکانی جارانیش عەینەن ئێستا لە ئسوڵیان زانیوە

## 6. ئەفسانەی تیجاری:

بازرگانەکە بەم ئامۆژگارییەی کابرای فەیلەسوف چاوی پەرییە پشتی سەریو بە تورەییەوە قیژاندی بەسەریدا وتی: برۆ ملت بشکێنە سەگی سەگباب ئەگینا بەم گاڵۆکە هەموو گیانت ئەشکێنم. فەیلەسوفەکە بە تەعەجوبەوە وتی قوربان گیان خۆ خراپم نەوتوە. بازرگانەکە وتی: خراپت وتو سەرت دای لە بەرد. گوو بە ریشی باوکی ئەوەش کە رایسپاردیت. برۆ ملت بشکێنە.

نەتیجەی ئەخلاقی:

فەیلەسوف ئەگەر فەیلەسوفی راستەقینە بێت قەت قسەی خێر ناکات.

## 7. ئەفسانەی واقیعی:

.. هەر تایەی لە لایەك. ئینجا رووی کردە فەیلەسوفەکەو وتی: هەقی ئەم نەسیحەتە باشەت، دوایی وەرە بۆلام موکافەئەیەکی چاکت بکەم. فەیلەسوفەکە وتی قوربانت دوایی چۆنت بدۆزمەوە؟ وتی بچۆ بۆ لای شێخ لوقمان.

### نەتیجەی ئەخلاقی:

هەقە پاراسایکۆلۆجی بخەنە مەنهەجی مەکتەبەوە.

